# تارا جاف:

# دەنگی چەنگ ئەوەندە پڕ و فراوانە، زۆر شت

*** هونەرمەنـــد عەدنان کەریم لـــە دیمانەیەکی گوڵانـــدا دەڵێ (بـــە ئیعتیرافی خاتـــوو تارا دەنگی من لەگەڵ چەنگی تارا خان گونجاوە) هەڵسەنگاندنی تۆ بۆ ئەم قسەیەی کاک عەدنان چییە؟**

- بەڵێ ئەمە راســـتە. دەنگـــی عەدنان کەریم، دەنگێکی ئارام و قوڵە. دەنگێکە هەستی تێدایە. بۆیـــە تۆنی دەنگەکەی لەگـــەڵ چەنگەکەی مندا گونجاوە.

*** دڵنیا بووی لە سەرکەوتنی کارەکەت لەگەڵ هونەرمەند عەدنان کەریم؟**

- بەڵێ دڵنیا بـــووم و گوێگرتنی ژمارەیەکی زۆریش لەخەڵك لە گۆرانییەکانم ســـەلمێنەری ئەوەیە کارەکە سەرکەوتوو بووە.

*** تـــۆ خـــاوەن ســـتایلێکی تایبەتـــی و تاکە ئافرەتی کوردی بە چەنـــگ گۆرانی دەڵێی، بەم ستایلەی ئێستا دەتوانیت لەگەڵ ئامێرەکانی تریش بە هەمان شێوە بەردەوام بی؟**

- خۆم ستایلێکی ئارامم هەیە. هەر ئامێرێکی تریش بتوانـــێ لەگەڵ چەنگەکـــەم بگونجێت دەکرێت تێکەڵ بە کارە هونەرییەکانم بکرێت.

*** تۆ بۆ کارەکانی خۆت پێویســـتت بە ئامێری چەنگـــە یاخود ئەو گۆرانیانەی پێشکەشـــیان دەکەی پێویستیان بە تەنیا یەك ئامێر هەیە؟**

- پێش هەموو شـــت خۆم چەنگ ژەنم. هەموو موزیکێکیـــش کە دابنێم بۆ خـــۆم بێت یان بۆ کەسانی تر، مەبەســـتی یەکەم ئەوەیە رۆڵێکی گرنگ بدەم بە چەنگەکەم. مەرج نییە پێویستم بە یەك ئامێر بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە چەنگم لە بەردەســـتدایە، هـــەر کاتێك بمەوێ دەتوانم کاری لەســـەر بکەم، یان کار لەسەر ئەو بەرهـــەم و ئاوازە بکەم کە مەبەســـتمە. دەنگی چەنگیـــش ئەوەندە پڕ و فراوانە، زۆر شـــت پڕ دەکاتەوە، بەڵام هەموو ئامێرێکی دیکەم خۆش دەوێت، بۆیە دەمەوێ تێکەڵاویشی بکەم، بەڵام دەبێت ئەو تێکەڵ کردنە بگونجێت.

*** ماوەیەك بەر لە ئێســـتا چەند ئاهەنگێکت لە باکووری کوردستان ســـاز کرد، دەکرێ باسیان بکەی؟**

- لە چەند ســـاڵی رابـــردوودا زۆر هاتووچۆی باکووری کوردستانم کردووە. لە زۆر فێستیڤاڵ و کۆنسێرتدا بەشـــداربووم. لە شارەکانی باتمان، دیاربەکر، دەرســـیم، وان، هەروەها لە ئیستەنبوڵ و لە ئزمیریش. ئەمســـاڵ واتە ساڵی 2010 لە ئازاردا بەشـــداریم کرد لە فێستیڤاڵی چاند و هونەر لە ئیستەنبوڵ کە ناوەندی رۆشنبیری میزۆپۆتامیا ســـازیان کرد. هەر لە ئیستەنبوڵ لە شانۆی «سەیری مەسەل» کۆنسێرتێکیشم پێشکەش کرد. بەشـــداریی دووەمم کردنەوەی فێستیڤاڵی رۆژی ژنان بوو لەلایەن شارەوانی دیاربەکر، کە هەر خۆیان سازیان کردبوو. هەروەها کۆنسێرتێکی دیکەم سازکرد هەر لە دیاربەکر. لە مانگی گەلاوێژدا لە شاری وان کۆنسێرتێکم بۆ کردنـــەوەی فێســـتیڤاڵی چانـــد و هونەر پێشکەش کرد. کە شارەوانی شارەکە سازی کرد بوو. دووبارە هەر لە شانۆی «سەیری مەسەل» لە شـــاری لە ئیستەنبوڵ کۆنسێرتێکم پێشکەش کرد. پاییزی ئەمساڵیش بانگهێشت کراوم کە لە دیاربەکر، ئیســـتەنبوڵ و ئەنقەرە کۆنسێرت ساز بکەم.

*** زۆر هونەرمەند هەن ناوچەکەیان ئیلهامێکی زۆریان پێدەبەخشـــێت لە کارە هونەرییەکانیاندا، ناوچەی هەورامان چ کاریگەرییەکی لەسەر تۆ هەبووە؟**

- بێگومـــان کاریگەریی هەورامـــان زۆر بووە، ئەمەش لـــە بنەماڵەکەمەوە دەســـت پێدەکات، هەمیشە گوێیان لە گۆرانی هەورامی دەگرت، گۆرانی هەورامی گۆرانییەکی رەسەنە، منیش ویستومە کاتێك چەنگم هێناوەتەوە ناو موزیکی کـــوردی، کە موزیکەکە دابەش دەکەم رەســـەن بێت و پێوەندی بەو رەسەنایەتییەی هەورامانەوە هەبێت. منیش لە ژەنینی چەنگدا وەکو چەنگ ژەنانی ئەورووپا نیم، ســـتایلێکی تایبەتی خۆم هەیە، بۆ ئەوەیش دەبوو پشـــت بە رەســـەنایەتی ریتم و ئاوازی گۆرانی هەورامی ببەســـتم. بۆ ئەوەی ببێت بە بناغەیەك بۆ گەشەی ستایلێکی تایبەت بەخۆم و بشـــگونجێت لەگەڵ موزیکی هەموو هەرێمەکانی تری کوردستان.

*** لـــە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا چۆن ســـەیری تارا جـــاف دەکـــرێ وەك هونەرمەندێکی کورد بە ئامێرێکـــی دەگمەنەوە گۆرانی پێشـــکەش دەکات؟**

- لێـــرە چەنگ ژەن زۆرن، بـــەڵام ئەوانەی کە لەگـــەڵ چەنگەکەیان گۆرانـــی دەڵێن کەمن. لەبەر ئەوەی ســـتایلێکی تایبەتی خۆمم هەیە، بۆیە بە شـــێوەیەکی پۆزەتیڤ تەماشا دەکرێم و بانگهێشتیش کراوم بۆ کۆمەڵی شوێن، بۆ نموونە بۆ فێســـیڤاڵی چەنگی نێونەتەوەیی لە بریتانیا کە لە 29/8/2010 ســـاز دەکرێت، هەروەها لە ســـاڵانی رابردوودا بەردەوام بانگێشـــتکراوم بۆ کۆمەڵێك فێســـتیڤاڵ، رادیـــۆ و ئاهەنگی جۆربەجـــۆر، کە ئەمانە بـــۆ بینەر و گوێگری بریتانی بوون.

*زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین تارا جاف یەکـــەم و تاکە ئافرەتی کوردە کە چەنگ دەژەنێـــت و دەنگـــی خـــۆی تێکەڵ بە چەنگەکە دەکات، سەمفۆنیایەکی دەگمەن و سەرنجڕاکێش بەگوێی بیسەرانی دەدات و دەبێتە هۆی ئـــەوەی بێدەنگ بن تاکو ئاموچێژێکـــی تایبەتی لـــێ وەربگرن، ئەگەرچی چەنـــگ ئامێریکی موزیکی کوردی نییە، بەڵام تارا خان بەشـــێوەیەك دەیژەنێ بەجۆرێك هونەرمەندێکی لە ئاستی عەدنان کەریـــم هەوڵ بدات دەنگی خۆی و شیعرە کلاســـیکییە نەمرەکانی کوردی تێکەڵ بەو چەنگە بـــکات، لە ئەورووپا و رۆژئاوا زۆر کـــەس هەن چەنگ دەژەنن، بەڵام دەگمەنن ئەوانەی چەنگ دەژەنن و گۆرانی دەڵێن لە یەك کاتدا، هەرچەندە تارا خان وەك پێویست کۆنسێرتێکی تایبەتی لە باشـــووری کوردستان ساز نەکردووە، بەڵام تائێستا لە زۆبەی شـــارەکانی ئەورووپا و شارەکانی باکووری کوردستان و ئەستەنبول و ئەنقەرە کۆنسێرتی تایبەتی ساز کردووە، لـــە پێوەندییەکـــدا تارا خان بەم شـــێوەیە وەڵامـــی چەنـــد پرســـیارێکی گۆڤاری گوڵانـــی دایەوە.*



دیمانە/ خەلیل بلەیی

فۆتۆ/ کەمال ئاکرەیی



# پڕ دەکاتەوە

*** زۆر لە هونەرمەندان یەکێك دەکەن بە پێشەنگ و یارمەتیدەری خۆیان لە ژیانی هونەرییاندا، تۆ بەم چەنگەوە کێ هاوکار و پشتیوانت بووە و هانیدای بەردەوام بی لەسەر ژەنینی چەنگ؟**

- بۆ چەنگ ژەنین خۆم خۆمم فێرکرد. بۆ گۆرانی هەورامیش دوو بەڕێز کە پورم بەهییە خانی جاف، کە شیعری گۆرانی هەورامی بە تایبەت شیعری مەولەوی دەدامێ و بۆ هەڵبژاردنی گۆرانی و شیعریش کاك موقەدەم لەهۆنی زۆر هاوکاری کردووم. سوپاسی هەمیشەم بۆ ئەو دوو بەڕێزە هەیە.

*** چەنگ ئامێرێکی گەورەیە بە کێش لەکاتی گەشت و گواستنەوەدا کێشەت بۆ دروست ناکات؟**

- کێشەیەکی زۆرە. ئەو چەنگە بەردەوام لەگەڵ من لە سەفەردایە. لە نەخۆشخانەکانی لەندەن. هەتا شاخەکانی هەورامان رۆیشتووە. زۆر شوێنی تری جیهان و ئەوروپای دیوە. کێشی قورسە. جاربەجار دەبێت بە مایەی پشت ئێشە بۆم.

*** لە باکووری کوردستان جەماوەر چۆن پێشوازیان لەتۆ کرد؟**

- پێشوازییەکی زۆر گەرم بوو. لە بیرم ناچێت و هەمیشە سوپاسیان دەکەم.

*** بە نیاز نین لە داهاتوودا لەگەڵ هونەرمەند عەدنان کەریم کارێکی نوێ پێشکەش بکەن؟**

- ئێمە بەردەوام کار دەکەین لەسەر بەرهەمی نوێ، بەڵام دەبێ بەرهەمەکان کۆببنەوە تا ببن بە ئەلبومێك.

*** لە دیمانەیەکدا کە بەر لە چەندساڵێك لەگەڵ بەڕێزتان ئەنجام درابوو وێنەی چەند پشیلەیەك دیار بوو، لە ماڵەوە، ئاژەڵ بەخێو دەکەی؟**

- من هەر لە منداڵییەوە پێوەندیم لەگەڵ ئاژەڵ هەبووە و خۆشمویستوون. ئاژەڵ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەوروبەری درۆ ناکات، هەر خۆیەتی. بۆ ئەو ساتە دەژی. منیش خۆشم دەوێن و خۆزگەم دەخواست ئێمەی مرۆڤیش وەها بووینایە. هەموو ئاژەڵێك لە پەپولەوە تا مار جوانی خۆی هەیە. نزیکبوونەوە و ڕێز گرتن لە ئاژەڵ واتە ڕێزگرتن لە سرووشت. ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی. ئازاردانی ئاژەڵ نیشانەیەکی زۆر خراپە بۆ مرۆڤ. مرۆڤ ئەگەر ئازاری ئاژەڵ بدات، ئازاری مرۆڤیش بە ئاسانی دەدات.









# پەخشكردنی دراما كوردییەك

**پەخشكردنی دراما لەمانگی ڕەمەزان دا بووە بەدیاردە لەناو كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان، بەڵام ئەمە تەنیا لەمانگی ڕەمەزان بەدی دەكرێت و لەهیچ كام لەمانگەكانی تر ئەم پێویستییە هونەریە بۆ بینەر بەرهەم ناهێنرێت و بینەری ئێمە لەماوەی 11مانگەكەی تری ساڵدا چاوی وێڵە بەدوای دراماد، گوڵان لەم ڕیپۆرتاژە تایبەتەدا چەندین هونەرمەندی بەئەزموونی شـــاری سلێمانی دواندووە، لە وەڵامدا چەندین**

**ســـەرەتا هونەرمەندی بە ئەزمـــوون عەبدولی حەمە جوان وتی:**

دیاردەی پەخشكردنی دراما لەمانگی ڕەمەزاندا لەكولتووری عەرەبـــەوە وەرمانگرتووە، چونكە ئەوان لـــەو مانگەدا بەرنامـــەی تیقیبیەكانی خۆیان بەدرامای جۆراوجۆر پڕدەكەنەوە.

ئێمەش كەوتووینەتە ژێـــر ئەو كاریگەرییەوە، جگە لەمانەش خەڵكـــی لەمانگی ڕەمەزاندا بەهۆی ماندووبوونی لە ڕۆژوو گرتن لەماڵەوە دەبێت، ئەوەش فرسەتە بۆئەوەی خەڵكی لەدەوری تەلەفزیۆن و دراما كوردییەكان كۆبكەینەوە، ئەم هۆكارانە بووە بەكولتوور كە لەمانگی ڕەمەزان دا دراما زیاتر پەخشدەكرێت.

لەدرێژەی قســـەكانیدا عەبدولـــی حەمەجوان ئاماژەی بەوەدا كە هەڵەیە تەنیا لەو مانگەدا دراما پەخش ببێت و دەڵێ: لە ڕاســـتیدا نابێت تەنیا لەو مانگەدا هەبێت و پێویستە لە هەموو مانگەكانـــدا دراما بەرهەم بهێنین، پەخشـــی بكەیـــن، بۆ ئەوەی چاوی بینەر دووربخەینەوە لە دراما بیانییەكان و ڕێگربین لە گواستنەوەی كولتووری ناشـــیرینی میللەتانی تر، كەئەمە لەهەموو ڕوویەكەوە كێشەی تێدایە چ لەڕووی سیاســـییەوە، چ لـــەڕووی كۆمەڵایەتییەوە، چونكە بیرۆكـــەی جۆراوجۆر بڵاودەكەنەوە كە بەهیچ جۆرێـــك لەبەرژەوەندی میللەتەكەماندا نییە.

**هونەرمەندی شـــانۆكار تەها خەلیل و بواری دراما دەڵێت:**

ئەم شـــێوازەی پەخشـــكردنی دراما لەمانگی ڕەمەزاندا هیـــچ بەرنامەڕێژییەكی بۆنەكراوە، بەڵام یەكەمجار حوسـێن میسـری پەخشی درامای خستە مانگی ڕەمەزانەوە، لەبەرئەوەی خەڵكی لەمانگی ڕەمەزاندا ماندوو و بێتاقەت دەبێت، لەهەمانكاتیشدا زۆرتر لەماڵەوە دەبێت بەهۆی ئەوەوە خستیە ئەو مانگەوە، ئیتر وردە وردە ئەمە بوو بەكولتوور كە لەمانگی ڕەمەزاندا ئەم درامایانە پەخش بكرێنەوە. هۆكارێكی تریش دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەڕێـــژی تەلەفزیۆنەكان خۆیان، چونكە ئەوان لەو مانگەدا پێویســـتیان بـــە بەرهەمی نوێ هەیە بۆ ڕازیكردنی چاوی بینـــەر، هەربۆیە ئەمەیان بەهـــەل زانیوە و ئەم درامایانەیان پەخشكردۆتەوە.

دەربارەی ئەوەی ئایا دراماكان لە ئامادەیی باشی پەخشـــدا هەن؟ هونەرمەند **تەها خەلیل دەڵێ**: هیچ بەرهەمێك بەبێ كەموكوڕی نییە ئەم درامایانەی ئێستاش كۆمەڵێك كەموكوڕی تێدایەو زیاتریش بێسەروبەری پێوە دیارە. چونكە ئامادەكاری باشـــی بۆ ناكرێت و هەرئەوەندەی كە بۆ ئەو مانگە ئامادەی پەخش بێت.

**جەلیل زەنگەنە دەرهێنەری درامای تەلەفزیۆنی دەڵێ:**

دیاردەی پەخشكردنی دراما لەمانگی ڕەمەزاندا زیاتر كولتـــووری عەرەبە، چونكە تەلەفزیۆنە عەرەبییەكان بەرنامەی مانگی ڕەمەزانیان بە دراما پڕدەكەنەوە، ئەگەرچی من زۆر بەباشی دەزانم، چونكە لەو مانگەدا خەڵكی زۆرترین كات لەماڵەوەن و بـــۆ تەواوكردنی ئەوكاتەی هەیانـــە و كۆكردنەوەی جەماوەریش لەدەوری دراماكان لەو مانگەدا باشترە، چونكە دراما بۆ جەمـــاوەر بەرهەم هاتووە و پێویســـتی بە جەمـــاوەری باش و زۆر هەیـــە، ئەگەرچی ئەم درامایانەی ئێســـتا لە هیـــچ ڕوویەكەوە داهێنان نین، نە لەڕووی ســـیناریۆوە باشـــن نە لەڕووی تەكنیكەوە نە لەڕووی چۆنیەتی ڕۆل بینیی ئەكتەرەكانەوە. ئەمەش گەورەترین كێشـــە بۆ تەلەفزیۆنەكان دروســـت دەكات، چونكە جەماوەریان لێ دەتۆرێ، لەبەرئەوەی دراماكان نەیانتوانیووە چاوی بینەر تێربكەن.

كێشـــەیەكی تر وەرگێڕانی دراما بیانییەكان، چونكە ئـــەم درامایانە لـــە ئەمنی قەومی میللەتی ئێمە دەدات، وڵاتیك دروستی كردووە میللەتەكەی ئێمە بە دوژمن و دڕندە دەزانێت، زۆرجـــار هەر لەو درامایانەدا قســـە بەكوردو كولتووری كورد و سیاسەتی كورد دراوە، هەر ئەمـــەش بووەتە هۆی ئەوەی گەنجی وڵاتی ئێمە هیـــچ ئینتیمایەكی بۆ نەتەوە و خاك و نیشتمانی نەماوە ســـەفەردەكەن بۆ وڵاتانی دەرەو، ئامـــادەن خۆیان بەكەســـی ســـێیەم و چوارەم قەبوڵ بكەن.

بەڵام تائێستـــا دەسەڵات بیری لەوە نەكردۆتەوە دراما و ســـینەما پێش بخات، چونكە هەندێك لە وڵاتانی زلهێزی دنیا بەدراما خۆی نیشـــان داوە بەڵام، ئێمە ئەگەر داوای كامێرایەكی باش بكەین پشتیان دەشكێت دەڵێن بۆمان ناكرێت.

# ـــان لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا

**لایەنی گرنگ تاوتوێ کران.**
**ئایا هۆکاری پەخشی دراما لەمانگی ڕەمەزاندا چییە؟ بۆچی لە مانگەکانی تردا ئەمە بەدی ناکرێت؟**

**ئا: سۆران مارف - سۆزان عەلی**

**هونەرمەندی گەورە مەکی عەبدوڵڵا بەم شێوەیە ڕای خۆی دەبڕی:**
خەڵکی ئەمساڵ چاوەڕێی ئەوە بوون لە مانگی ڕەمەزاندا حاجی مەکی بەرهەمی نوێیان پێشکەش بکات، کەچی بەداخەوە ئەمساڵ نەیانهێشت قسەی نەستەق و خۆشیان بۆ بکەین، کوا ئێمە درامامان هەیە، لەکاتێکدا ئێمە دەبوو خاوەنی چەندین شاکاری جوان لە درامای کوردی بواین، بۆیە پێویستە کاری جددی بۆ پێشخستنی درامای کوردی بکرێت.

**هونەرمەند حیکمەت هندی دەڵێ:**
درامای کوردی وەکو جەژنی لێهاتووە، چۆن منداڵ دەبێت لە جەژندا جلوبەرگی بۆ بکردرێت، ئێمەش دەبێت لەمانگی ڕەمەزاندا درامای نوێمان پێشکەش بکرێت، دەبێت دوای ئەو هەموو ئازارانەی بینیمان لەرێگەی دراماو هونەرەوە جەماوەرەکەمان بخەینە خەندەو پێکەنین. دراما کات و ساتی نییە، دەبێت هەموو دەمێك كار بۆبەرهەمهێنانی درامایەکی نوێ بکرێتەوە، دەبێت هەموو ئەو کارانە کە دەکرێت ئەرك و ماندووبونی پێوە دەکێشرێت کە جێی داخە هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی نادروست مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەکەن.

**هەروەها بەکر ڕەشیدی دەرهێنەر و هونەرمەند دەڵێ:**
پێویستە لە هەموو کات ساتێکدا کار بۆ خزمەتکردن و پێشکەشکردنی درامای کوردی بکرێت، گرنگیدان بە دراما لە هەر کاتێکدا بێت پێویستییەکی گرنگە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، دەبێت دەسەڵات هەموو هەوڵەکانی بۆ خزمەتی درامای کوردی بخاتە گەڕ، من بە پێویستی دەزانم لەدوای مانگی ڕەمەزان بەو گوروتینەوە دراما بایەخ و گرنگی خۆی پێبدرێت.

**هونەرمەند (ئەحمەد جۆلا)ش وتی:**
دراما لە هەموو کاتێکدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و ئێمە وەك ستافێك كارمان لە درامای (نامەكانی ئەشرەف)دا كرد، گوێمان نەداوە بەكات، بە داخەوە هەندێك جار كەناڵەكانی ڕاگەیاندن كاتی درامایەك بەرهەم دەهێنن خۆیان دەبنە هوكار بۆ ئەوە ی دراماكەیان دوا بکەوێت و بکەوێتە مانگی ڕەمەزان و لەو مانگەدا نمایشی دەکەن، بۆ نموونە درامای (گەمەی باڵندەکان) من دەمێکە ئاگادارم کاری بەرهەمهێنانی کۆتایی هاتووە، کەچی کەناڵەکە خۆی نمایشکردنی دوا خست.
پێویستە دراما لە هەموو کاتێکدا گرنگی خۆی پێبدرێت بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی، ڕاستە شەوانی ڕەمەزان خەڵکی پێویستیان بە حەوانەوەیە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کەوا دوای ڕەمەزان دراما بایەخ و گرنگی پێنەدرێت.

**هونەرمەند مەریوان ئیبراهیم-یش دەڵێ:**
بەڕای من ئەو درامایانەی لەمانگی ڕەمەزان پێشکەش دەکرێن، ئەو درامایانەن کەوا زۆر کاڵ و کرچی پێوە دیارە لەبەر ئەوەی زۆر پەلە دەکرێت لەوەی کەوا ئەو بەرهەمە فریای مانگی ڕەمەزان بکەوێت و دوا نەکەوێت لە پێشکەشکردنی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەموکوڕی بە دراماکەوە دیار بێت. ئەگەر بەم شێوەیە درامای کوردی بکرێت، ڕەنگە پاشەکشێ بکات و بڕواتە دواوە، مەرج نییە تەنیا لە مانگی ڕەمەزان دا دراما پێشکەش بکرێت، دەبێت هەمیشە کار بۆ پێشخستنی درامای کوردی بکرێت. بەداخەوە من ئەمساڵ درامایەکم بینی لە کوردستان تیڤی کاڵ و کرچی زۆری پێوە دیار بوو، زۆریش لاواز بوو درامایەك بوو لە ئاستی ئەوەدا نەبوو لە کەناڵێکی جوانی وەکو سەتەلایتی کوردستانەوە پێشکەش بکرێت.

**لە کۆتاییدا هونەرمەند حەمە علی خان گوتی:**
بەڕای من ئاستی دەرهێنانی ئەو دراما نوێیانە هیچ باش نییە و کاتێك دراما لە مانگی ڕەمەزان پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەیە کە خەڵکی ڕۆژووەوان و جەماوەری دراما چێژ لەو بەرهەمانە وەربگرن، هەموو کاتێك پێویستە هەوڵبدرێ بۆ بەرهەمهێنانی دراما، پێموایە هونەری کوردی بووە بە نانەواخانە و هەرچی دیەوێت دەنووسێت و هەرچی دەیەوێ تەمسیل دەکات و هەرچی دەیەوێ دەرهێنان دەکات، کە ئەمەش کارێکی خراپە بۆ داهاتووی درامای کوردی.






# نازێ داهاتی بەرهەمەکەی پێشکەش بە ئافرەتە زیندانییەکان دەکات

خانمە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان، نازێ عەزیزی بڕیاریداوە داهاتی دوا ئەلبووی ببەخشێتە ئافرەتە زیندانیکراوەکانی کوردستان و راشیگەیاند، لەم هەفتەیەدا وێنەی دوا کلیپی خۆی لە شەقڵاوە دەگرێت.

خاتوو نازێ عەزیزی، کە خەڵکی مەهابادە رایگەیاند، لەهەفتەی داهاتوو گۆرانی (جێژوان) کلیپ دەکات، کە ئەو گۆرانییە یەکێکە لە گۆرانییەکانی دوا ئەلبوومی، کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، دەڵێ: "گۆرانی (جێژوان) لە شیعری میدیا مەعروفی و ئاوازی خۆمە، لەپێکهاتەی سێیەم ئەلبوومم (ئاوازەکانی دڵتەنگی)دایە، کە هەموو کارەکانی ئەو ئەلبوومەم تەواو کردووە و لە هەشت تراك پێکهاتووە، تەنیا ئەوە ماوە کۆمپانیایەکی هونەری باش هەبێ بتوانێ ئەرکی بڵاوبوونەوەی بگرێتە ئەستۆ، داهاتی ئەلبوومەکەش دەبەخشمە ئافرەتە زیندانییەکانی کوردستان، هیوادارم بتوانم ئەوکارە ئەنجام بدەم". نازێ لەبارەی ئەو کلیپەوە، کە بەنیازە لە شەقلاوە وێنەی بۆ بگرێت، دەڵێ "یەکەمجارمە لەگەڵ دەرهێنەر محەمەد جەمیل کار دەکەم، ئەو کاری دەرهێنانی کلیپەکە ئەنجام دەدات و لەلایەن هاوکار فەرهاد بەکامێرای hd سینەمایی وێنەی بۆ دەگیرێ"، وا چاوەڕوان دەکرێ ببێتە یەك لە کلیپە زۆر جوانەکانی کوردی، نازێ هیوادارە بەمزوانە کارەکە تەواو بکات، وەك دیارییەکی جەژنانە پێشکەشی هەوادارانی بکات. هەروەها نازێ وتی: من زۆربەی خەرجی بەرهەمەکەم لە ئەستۆ گرتووە، چونکە هەر پارەیەکم دەست بکەوێ لە بواری هونەری تەرخانی دەکەم بۆ بەرهەمی داهاتوو، بۆیە داوا لە جەماوەر دەکەم کە خۆیان لە بەرهەمی کۆپی دوور بخەنەوە و هەوڵ بدەن سیدی ئۆرجیناڵیان دەستکەوێ، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد داهاتەکەی بۆ کاری خێرخوازییە.



# دینا: دەبێ میسر شانازی بە منەوە بکات

سەماکاری میسری دینا لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ کەناڵ دریمی میسری رایگەیاند کە تا ئێستا حەوت جار مێردی کردووە، هەروەها تا ئێستا دوو جاریش هەوڵی خۆکوشتنیشی داوە، بەڵام بەم دواییە خۆشەویستییەکی راستەقینەی دۆزیوەتەوە و هیوای خواست بە هاوسەرگیری کۆتایی بێت.

دینا هۆکاری ئەو هەموو مێر کردنەی بۆ خراپ هەڵبژاردنی هاوسەرەکان گەڕاندەوە، چونکە هاوسەرەکانی هەمیشە وەك سەماکارێك سەیریان دەکرد نەك وەك هاوسەر، کەچی ئەو هەوڵی دەدا خێزانێك پێك بهێنێت و لە ژیانی خۆیدا سەقامگیر بێت، دینا لە کۆتایی دیمانەکەیدا وتی: کاتی ئەوە هاتووە میسر چۆن شانازی بە ئافرەتێکی وەزیر یان باڵیۆز یان پزیشکێکەوە دەکات، ئاواش شانازی بە منەوە بکات، چونکە چوار لەسەر سێی گەشتیاری میسر پشت بە سەما و گۆرانی دەبەستێت.



# سوهێر ڕەمزی شەرم لە فیلمە کۆنەکانی خۆی دەکاتەوە



خانمە ئەکتەری میسری سوهێر ڕەمزی دووپاتی کردەوە کە زۆر شەرم لە خۆی دەکاتەوە و هەست بە ناخۆشی و پەشیمانی دەکات کاتێك دیمەنە وروژێنەر و سەرنجڕاکێشە کۆنەکانی خۆی دەبینێتەوە، چونکە گشت دیمەنەکان راستەقینەن و فێڵی سینەمایی نین وەك خەڵك هەست دەکات، هەروەها زۆریش پەشیمانە لەوەی قوربانی بە دایکایەتی داوە لەپێناو خۆویستن و خۆشەویستی بۆ ناوبانگ دەرکردن.

سوهێر کە ئێستا حیجاب پۆشە ئەوەی رەتکردەوە کە رەخنەی لە هونەرمەند سابرین گرتبێت بەهۆی ئەوەی بەم دواییە لە کارێکی هونەریدا بارۆکەی بەکارهێنابێت، سوهێر لە دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵی نیل لایف وتی:خۆپەرستی وای لێکردم کە بیر لە هیچ شتێك نەکەمەوە تەنیا دەرکەوتن و ناوبانگ نەبێت، بەجۆرێك خۆیشم لە یاد کردبوو. بۆیە ئێستاش نازانم چۆن قوربانیم بە دایکایەتی داوە لەپێناو هونەر و ناوبانگ دەرکردن.



www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com